## گۆشەی هەرجارەی بیرمەندێک

(9)

# سیگمۆند فرۆید

فرۆید شتی نوێی دۆزییەوە، ئەو لە تیۆرەکانیدا تەنها دیاردەکانی "شیدەکردەوە" بەڵام ئەمە بە تەنها بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئاماژە بە هۆکاری دیاردەکەش بدرێت.

**و: لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

**سەرچاوە: ئینتەرنێت.**

**مێژووەکان:**

لەدایکبوون:1856/5/2

مردن :1939/9/23

**ژیانی:**

سیگمۆند فرۆید پزیشکی نەمسایی، بە باوکی دەرونشیکاری نوێ دادەنرێت،خاوەنی چەندین تیۆری سایکۆلۆژییەو تیایاندا رۆڵی نائاگایی مرۆڤ لەسەر هەڵسوکەوتەکانی رۆژانەی مرۆڤ روندەکاتەوە، فرۆید پێوایە کاتێك مرۆڤ ئارەزووەکانی بەرەو کۆمەڵێك مەبەست و ئامانج ئاڕاستە دەکات، ئەوا بەرەو قۆناغی" بالآبوون" هەنگاو دەنێت فرۆید ناچار بوو، لەترسی نازیەکان نەمسا جێبهێلێت، پێش ئەوەی لەو وڵاتەش دەربچێت، نازییەکان دیکۆمێنێکیان پێ ئیمزا کرد، کە تیایدا فرۆید روونی کردبوەوە، کە ئەو لەلایەن نازییەکانەوە زۆر مرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵ کراوەو بەهیچ شێوەیەك بێزار نەکراوە.

لەماوەی 63ساڵ تەمەندا، فرۆید نزیکەی (600) لێکۆڵینەوە و کتێبی نوسی. کرۆکی کارەکانی فرۆید باس لەوە دەکات کە "نائاگایی" مرۆڤ رۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر"ئاگایی" مرۆڤ بەبێ ئەوەی کەسەکە بزانێ چۆن و بۆچی بەواتایەکی تر دیاردە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ لەلایەن نائاگایە مرۆڤەوە کۆنترۆڵ کراون، کە بەڕای توێژەرەوان ئەمە بە یەکێك لە ناتەواویەکانی تیۆرەکانی دادەنرێت، چونکە (عەقڵ و بیری مرۆڤ) رۆڵێکی پاسیڤیان دەبێت ئەگەر بەم سیستمە کار بکات.

ناتەواویەکی تری کارەکانی فرۆید دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی دقةی زانستی لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەمیانەی نوسینەکانیدا روون و ئاشکرا نییە چۆن و بە چ شێوازێك فرۆید ئەو دیاردانە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێن فرۆید بەرادەیەك متمانەی بە بۆچوونەکانی خۆی بوو، کە پێیوابوو هیچ زانیارییەکی نوێ، ناتوانێت کارەکانی لەق بکات، راستە بە دڵنیاییەوە

